# زمانی دامەزراوە فەرمییەکان: پێویستییەک بۆ پاراستنی شکۆی نەتەوەیی

**نووسینی:** دیاکۆ هاشمی، ڕێنوێنکاری زمان لە وەرگێڕان، سوید

کاتێک فەرمانگەیەک یان وەزارەتێکی حکوومی بڵاوکراوەیەک دەردەکات، ئەو نووسراوە تەنیا گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکوو نوێنەرایەتیی شکۆ و پێگەی فەرمیی ئەو دامەزراوەیە دەکات. زمانی نووسراوی دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا، دەبێت بەتەواوی لە هەڵەی ڕێنووس، داڕشتن و زمانەوانی پارێزراو بێت.

هۆکارەکانی ئەم پێویستییە تەنیا تەکنیکی نین، بەڵکوو بنەڕەتین:

**١. دروستکردنی ستاندارد و سەرچاوە:**

نووسراوە فەرمییەکان دەبنە سەرچاوە و نموونەی باڵا (standard) بۆ هاووڵاتیان، قوتابییان، مامۆستایان و میدیاکاران. ئەگەر خودی سەرچاوەکە هەڵەی تێدا بێت، ئەوا هەڵەکە دەبێتە «نەریت» و زمانی ستاندارد بەرەو لێژی و شپرزەیی دەبات.

**٢. بنیاتنانی متمانە:**

زمانی پوخت و بێهەڵە، نیشانەی وردبینی، پیشەییبوون و ڕێزگرتنە لە خوێنەر (هاووڵات). کاتێک نووسراوێک پڕ بێت لە هەڵە، متمانەی خەڵک بە توانای زانستی و کارگێڕیی ئەو دامەزراوەیە کز دەکات.

**٣. پاراستنی کێیەتیی زمان:**

زمانی فەرمی، ئاوێنەی کێیەتیی نەتەوەییە. شێواندنی زمان لەلایەن دامەزراوە فەرمییەکانەوە، گورزێکی گەورەیە لە پێگە و شکۆی زمانەکە لە بەرانبەر زمانەکانی تردا.

بۆیە، پێویستە هەموو دامەزراوە حکوومی و پەروەردەیییەکان، بە هەستیارییەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ زمانی نووسینەکانیاندا بکەن و پشت بە پسپۆڕانی زمان ببەستن، تا زمانی کوردی بە شێوازێکی شایستە و پوخت بنوێنرێت.

**بۆ زانیاریی زیاتر، سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە.**

https://diyako.yageyziman.com